ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# هاوژین خان لە گوێی گادا نووستووە

## عەبدولسەتتار ئەمین

خانمێك دوو ووشەی خوێندۆتەوە باسی ئازادیمان بۆ دەكات. هاوژین حەمەرەشید لەڕۆژنامەی خەباتدا . كەلەژمارە ١٥٨٩ لەڕۆژی ١٣ی ١٠ی ٢٠٠٤ بابەتێكی بێ واتا دەنوسێو ناونیشانێكی بێ واتاتری بۆ نووسیوە ئەویش: (جەنگی تازە، حیجابو دیموكراسی) ئەو خانمە دەڵێ هێزە ئوسوڵیەكان واتای ئازادی تاك نازانن، ئەمنیش دەڵێم: باشە ئەو حیزبەی تۆ لەڕۆژنامەكەیدا ئەو قسانەت تێدا نووسیوە چەند لەواتای ئازادی تاك دەزانێ؟ تۆجارێ وانە بەو حیزبە بڵێ پاشان ڕووی دەمت بكەرە خەڵكی دیكەوە.

ئەو خانمە باس دەكات لە قەدەغەكردنی پانتۆڵ لەپێكردن لە كۆلێژەكانی زانكۆی ئەم شارە، ئەدی زانكۆ چ پێویستێكی بەوە هەیە كچان پانتۆل بكەنە بەریان؟ ئەو خانمە باس لە گەندەڵی ناو زانكۆ ناكاتو باس لە زاڵبوونی حیزبایەتی ناكات و مێشكی خۆی بەو شتە بچووكە مەشغولْ كردووە.

یەكی دی لەو قسە سەمەرەكانی ئەو خانمە باسی سەپاندنی حیجاب لە قوتابخانەی گەڕەكو شارۆچكەكانی ئەم كۆمەڵگایەو لە فەرەنساو لە ئەفغانستانو مەدرید و ئەمەریكا.

خانم تەواو بێ ئاگایە!! یەكەمین شت بیلێین: كێ حیجاب بەسەر قوتابخانەی گەڕەكو شارۆچكەكانی هەولێردا سەپاندووە؟ كێ دەتوانێت حیجاب فەرز بكات؟ ئەو خانمە بێئاگایە نازانێ كچانی هەولێر وەكی عادەتی یا وەكی دین و ئەخلاق فێرن خۆیان پۆشتە بكەن ئیدی ئەو بێئاگایە كاتێ كچانی سەرداپۆشراو لە قوتابخانەدا دەبینێ وا دەزانێ قوتابخانە ئەو حیجابەی فەرزكردووە بەڵام ئەو خانمە هێندە بێ ئاگایە خۆی دەكاتە گاڵتەجاڕی خەڵكی چونكە بەقوتابخانەكانی هەولێر ناوەستێ و باسی قوتابخانەكانی فەرەنساو ئەفغانستان و مەدرید و ئەمەریكا دەكات.

هەمووان دەزانن ئەوەی ئەفغانستان كاتی بزوتنەوەی تاڵیبان بوو بەڵام كام قوتابخانەی فەرەنسا حیجابی بەسەر كچاندا سەپاندووە؟ قوتابخانەكانی فەرەنسا حیجاب بەكچانی موسوڵمان دادەكەنێ تۆش نەك تەنیا هیچ هەڵوێستت نییە لەزەوت كردنی ئازادی ئەو كچانە بەڵكو شتەكانیش پێچەوانە دەكەیتەوە. هەروەها كام قوتابخانە لەمەدرید و ئەمەریكا حیجابی سەپاندووە؟ هەروەها كێ باسی مەدریدی كردووە تا ناوی بخەیتە ناو ناوانەوە. ئەو خانمە هێندە نەزانە ناوی شارو وولاتی ڕیزكردووەو وادەزانێ بەم ناوانە نووسینەكە بەهێز دەكات و نازانێ خۆ دەكاتە گاڵتەجاڕی خوێنەران.